# ڕیسوایی بۆ هێزیك كه پەنا دەباتە فڕاندنی مخالفینی خۆی!

## سەبارەت بە فڕاندنی بەشدار عەلی لە هەولێر!

دوێنیٚ شەو 2006/3/21 بەشدار عەلی كادری حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق‌و ئەندامی كۆمیتەی هەولێرو كەسایەتی ناسراوی نیو خوێندكارو لاوانی هەولێر، لە كاتی هاتنە دەرەوەیدا لە یەكێك لە سەنتەرەكانی ئەنتەرنێت لەشاری هەولێر، كاتژمێر 10، لەلایەن چەند كەسێكەوە بەزۆر ڕاپیچی ئۆتۆمۆبیلێكی مۆدیلی "مۆنیكا" دەكرێت‌و تاكو بەیانی لە ژێر ئەشكەنجەی دەرونی‌و جەستەیدا بە چاو بەستراوی لە شوێنێكی نادیار ڕایدەگرن‌و پاشان لە نزیك ماڵی خۆیان فڕیٚی دەدەنە دەرەوە.
شایەنی باسە ماوەیەك لەمەوپێش "بەقسەی خۆش و وەعدە و بەڵێن قسەیان لەگەڵ بەشدار عەلی كردوە كە چیتر بەم شێوەیە قسە لەسەر حكومەت و دەسەلأتداران نەكات لە كۆر و كۆبەونەوە و بلاوكراوەكاندا". پاش ئەم هەوڵە ناكامانەی پارتی دیموكرات، شەوی 3/21 ئەم كردوە چەپەڵ‌و شاخیانە ڕویداوە، كە پاش لێدان‌و ئەشكەنجەی نیو سەعاتە پێیان ڕاگەیاندوە "كەئەمە ئاگادار كردنەوەیەكە". فڕاندنی بەشدار عەلی وەكو كەسێكی ناسراوی نێو بزوتنەوەی خوێندكاران لە زانكۆی هەولێرو وەكو كەسێكی ناڕازی بە هەلومەرجی نالەباری لاوان‌و خوێندكارانی كوردستان زەنگێكی هیجگار مەترسیدارە لەبەرانبەر گشت نوسەران‌و ڕۆشنبیرانی ئازادیخوازو هەموو ئەوانەی كە دەیانەوێت بەحەق پارێزگاری لە مافە ئینسانیەكانی خەڵكی كوردستان بكەن. دواین جار بەشدار عەلی لە 8ی مارسی ئەمسالدا بوو كە لە بەردەم ئەندام پەرلەمانەكاندا لەزانكۆی هەولێر گووتی((هەموو بێمافی و تاوانەكانی دەرهەق بە ژنان ئەنجام دەدرێت هۆكاری سەرەكی دەسەلأتدارانن ,لە ژێر دەسەلأتێكی میلشیایی‌دا ناكرێت باس لە مافەكانی مرۆڤو بە نایبەتیش ژنان بكرێت)).
ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق، ئەم كردەوەو رەفتارە چەپەڵە بەتوندی ئیدانە دەكات‌و تەواوی لایە نێونەتەوەییەكان لەم كردەوەیە ئاگادار دەكاتەوە. لەهەمانكاتدا پارتی دیموكراتی كوردستان‌و ئیدارەی هەولێر بە بەرپرس دەزانێت لەبەرانبەر هەر تاوان‌و ڕوداوێك كە ڕوبەرووی بەشدار عەلی دەبێتەوە، ئەمە ویرای ئەوەی كە ئیدارەی هەولێر ئەركیەتی وەك دەسەلاتداری شاری هەولێر تاوانباران ئاشكرا بكات‌و ئێمەی لێئاگادار بكاتەوەو بیانداتە دادگا.

**ریكخراوی كوردستانی**
**حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق**
2006/3/22